# کاتیَ رۆشنبیر بیَدەنگ دەبیَت

ئیدریس عەلی

Edrisali1972@yahoo.com

قسەکردن لەبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنیو قبوڵکردنی رای جیاوازو بردنی وڵات بەئاراستەیەکی پیَشکەوتودا، بەبیَ رۆڵو گاریگەری تیَژی رۆشنبیریی پرۆژەیەکی ناتەواوو هەوڵیَکی ئیفلیجە.. لەنیوان دەسەڵاتو رۆشنبیردا پەیوەندییەکی دیالکتیکی هەیە، بەبڕوای من ئەم پەیوەندییە سەنگی پرۆژەیەکی گەورە دیاری دەکات لەچارەنووسی کۆمەڵگەدا.

لەم نیَوەدا رۆشنبیری کورد کائینیَکی تەمەڵو کەمتەر خەمە، هۆیەکەی بەشیَکی بۆخودی وەزیفە رۆشنبیریەکە دەگەڕیَتەوە کەنەیتوانیوە تاکیَکی ئەکتیڤو خاوەن کاریگەری بیَت، هۆیەکی دیکەی ئەوەیە کە دەسەڵات بایەخیَکی ئەوتۆی بەم تیَژە گرنگە نەداوەو زیاتر وەك فاکتەریَکی پاڵپشت بۆ پایەکانی خۆی تەماشای ئەو هیَزو سەروەتەی کردووە.. ئیَمە کاتیَك قسە لەسەر رۆڵی رۆشنبیر دەکەین قسەکردنە لەسەر جۆریَکی دیکە لەتیَڕوانینو دنیابینی وەك ئەوەی پیَویستە لەسەر تاکی رۆشنبیر خویَندنەوەو جیهانبینی تایبەتی هەبیَتو لەگۆڕانکاریە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانداو هەروەها رۆڕڵو کاریگەری هەبیَت .. رۆڵیَك جیاواز لەدیدە تەقلیدیەکانی کۆمەڵگە کەبەردەوام لەبەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیانەوە بڕیار دەدەنو بیردەکەنەوە..!

لەم رۆژانەی دواییداو تائیَستاش لەلایەن نیَوەندە سیاسییە باڵادەستەکانەوە قسەو دیالۆگی گەرمو گوڕ لەسەر کۆمەڵیَك چەمکی چارەنووسسازی وەك دەستوورو مەسەلەی مناڵو ئافرەتانەهتد.. دەکریَت، تەماشادەکەین لەنیَو پانتایی ئەم باسانەدا ئەوەی حسابی بۆنەکراوە بۆچونی رۆشنبیرانە کەوەکو گوتم ئەتوانن رۆڵیَکی کارا ببیننو لەو مەیدانەدا قسەیەك بەقازانجی کۆمەڵگە بکەن.. وەك چۆن لەلایەن ناوەندەکانی دەسەڵاتو بڕیاردانەوە فەرامۆشکراون، هاوکات خودی رۆشنبیران بۆخۆشیان کائینیَکی بیَدەنگو بیَدەسەڵاتو بیَئیرادەن.. وەنەیانتوانیوە ببنە هیَزیَکی ئەوتۆ لەنیَو جەرگەی ئەو هەراو باسو خواستە گەرمانەدا قسەیەکیان هەبیَت، زۆرجارانیش ئاراستەی ئەو قسانە بەجۆریَکە بیَدەنگ بوونیان باشترە، چونکە قسەیەکی جیوازیان نییەو بەمانیەکی دیکە جوینەوەی تیکەی دەمی دەسەڵاتە بەبیَ ئەوەی دەسەلات حسابیَکی ئەوتۆیان بۆ بکات.